# فۆنێمەکانی زمانی کوردی




کەمال فوئاد

# فۆنیمەکانی زمانی کوردی

کەمال فوئاد
chalakmuhamad@gmail.com

ISBN-91 97 2564-0-4

KITAB ARZAN
BARNARPS G 31
553 16 JÖNKÖPING /SWEDEN
TELEFAX:(+46) 36 148031
TEL :(+46) 36 710999

ناوی کتێب: فۆنیمەکانی زمانی کوردی
نووسەر: دوکتور کەماڵ فؤاد
پیت چن: سیامەند
ئێدیتۆر: حەسەنی قازی
تەرحی بەرگ: گینا یاکۆنی
چابی یەکەم: کتێبی ئەرزان ١٩٩٥
خاوەن: کەماڵ فؤاد

chalakmuhamad@gmail.com

# تێبینی

وەک زۆر لە بابەتەکانی ژیانی ڕووناکبیریی کورد زمانناسیش لە پاشاگەردانی و تێکەو لێکەیی بە دوور نییە. لە بەر جێگیر نەبوونی دابەشبوونی کار لەم بوارە دا، ئێستاش زۆر «زمانناس» دەبینین کە ناوی ناقۆلای "بزوێن"، "نەبزووێن"، "دەنگدار"و "بێدەنگ" بە سەر دەنگەکانی (فونێمەکانی) زمان دادەبڕن.

ئەم نووسراوەیەی "کاک دوکتور کەمال فوئاد" کە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری "چریکەی کوردستان" ( ژمارەی ١ تموز ــ ئاب ١٩٧٩، ژمارە ٢، ١٩٨٠، ژمارە٣، ١٩٨٠و ژمارە٤، کانوونی یەکەم: ١٩٨١ )دا بڵاوکراوەتەوە بە زمانێکی سادەو هەموو تێگەیو لە فۆنێمەکانی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوەو یارمەتییەکی گەورەیە بۆ پێک هاتنی بۆچوونی زانستی لەوبارەیەوە.

بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە، بەم شێوەیە لە بەرێز مامۆستا برایم ئەحمەد سەرنووسەری گۆڤاری "چریکەی کوردستان" ئیجازە وەرگیراوە. لەوانەیەکاک کەمال ئێستا بییەوێ لەو ڕایانەی کە لێرەدا دەری بڕیون لێرو لەوێدا هێندێک ئاڵوگۆڕ پێک بهێنێ، کارێکی کە لەبواری زانستی دا ڕەوایە و نکوڵی لێ ناکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا لە خوارووی کوردستان دەژی و دەست وێڕاگەیشتنی زۆر دەخایێنێ و پێداچوونەوەی بەم نووسراوەیەدا بڵاو کردنەوەی وەدرەنگی دەخا، وا بە باش زاندرا وتارەکە وەکی لە "چریکەی کوردستان "دا چاپ کراوە. لەم نامێلکەیەدا بخرێتە بەرچاوی خوێنەرەوەی کورد.

chalakmuhamad@gmail.com

حەسەنی قازی فێڤرییەی ١٩٩٥

chalakmuhamad@gmail.com

# فۆنێمەکانی زمانی کوردیِ

مەبەس لە زمانی کوردیِ زمانی ئەدەبیات و نوسینی کوردیِ یە نەک زمانی کوردیِ بە هەموِ شێوەکانی یەوە. لێرەش دا بە تایبەتیِ مەبەس لە زمانی ئەدەبیِ ی کوردیِ ی ڕۆژهەلاتی یە (کرمانجیِ ی خوارو) کە پێشیِ ئەوترێت کوردیِ ی پەتیِ، ئەو زمانەی کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلات و خوارویِ کوردستان تا ڕادەیەکی باش وەک زمانێکی ئەدەبیِ جێگیر بووە و لە کوردستانی عیراق بەرەو ئەوە ئەچێت کە لە تەنیشت زمانی عەرەبیِ یەوە ببێتە زمانی ڕەسمیِ.

ئەگەر هاتوِ بەم مانایە دەنگەکانی زمانی کوردیِمان دەستنیشان کرد و لەگەڵ یەکتردا بەراودمان کردن و بۆمان دەرکەوت کە نەبونی تیپێک بەرامبەر بە هەریەکێکلەم دەنگانە ئەبێتە هۆی مانا گۆڕینیِ وشەکانی زمانەکەمان، ئەو کاتە ئەبێت بۆ هەر یەکێک لەم دەنگانە تیپێک دابنێین. بە هەریەکێک لەم تیپانە ئەوترێت فۆنێم هەموشیان بە سەریەکەوە فۆنێمەکانی زمانی کوردیِ پێک ئەهێنن.

chalakmuhamad@gmail.com

بۆ دەسنیشان کردنی فۆنێمەکانی زمانی کوردیِ بە شێوەیەکی ڕاست پێویستە ئەمانەی خوارەوە پەیڕەو بکەین:

یەکەم ــ دیاریِ کردنی دەنگەکانی زمانی کوردیِ.

دووەم ــ دانانی تیپێک بۆ هەر یەکێک لەم دەنگانە.

سێ یەم ــ بەراورد کردنی ئەم تیپانە لەگەڵ یەکتردا بۆ سەلماندنی پێویستی بونیان لە ئەلفابێ ی زمانەکەمان داو سەلماندنی ئەوەی کە نەبونی هەر

یەکێکیان ئەبێتە هۆی مانا گۆڕین و تێکەڵاو کردنی وشەکان.

بەم جۆرە ئەتوانین فۆنیمەکانی زمانی کوردی دیاری بکەین و بۆ پێویستی بون و نەبونی هەر یەکەیان لە ئەلفابێ ی زمانەکەمان دا بەڵگەی تەواو بدەین بە دەستەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر لە مانای فۆنیم بگەین و لەگەڵ دەنگ و تیپ دا جیای بکەینەوە، پێش چونە ناو باسەکەوە ئەم پێناسینانەی خوارەوە پێویستن:

دەنگ (phone): پچوکترین یەکانەی وتن ـ ە.

تیپ (type, grapheme): وێنەی دەنگەو پچوکترین پارچەیە لە نوسین.

chalakmuhamad@gmail.com

لێرەدا مەبەس لە وتن و نوسین، وتن و نوسینی زمانێکە نەک دەنگی بێ مەبەس و نوسینێک کە مانای نەبێت.

فۆنیم (phoneme): پچوکترین یەکانەی دەنگی زمانە، کە گۆڕینی لە وشەیەک دا ئەبێتە هۆی گۆڕینی مانای ئەو وشەیە.

بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان دەنگ و تیپ و فۆنیم دا پێویستمان بە چەند ڕونکردنەوەیەک هەیە:

ئەگەر لە ئنگلیزی دا سەرنج لە وشەی check یان shock بدەین.

ئەبینین لە نوسینی هەر یەکەیان دا پێنج تیپ بەکار هاتون بۆ دەربڕینی سێ دەنگ، چونکە ch ، ck, sh هەر یەکە دو تیپن، بەڵام دەربڕینی یەک دەنگ بکار هاتون (چ، ک، ش). لێرەدا دەنگ لە ژمارەدا لەگەڵ تیپ جیاواز ئەوەستێت و لەگەڵ فۆنیم دا یەک ئەگرێتەوە.

پێچەوانەی ئەمەش هەیە: هەر لە ئنگلیزی دا وشەی box لە چوار دەنگ پێک هاتووە کەچی بە سێ تیپ ئەنوسرێت. لێرەدا (x) بۆ دەربڕینی دو دەنگ

بە کار هاتووە (ک + س). لێرەش دا دەنگ لە ژمارەدا لەگەڵ تیپ جیاواز ئەوەستێت و لەگەڵ فۆنێم دا یەک ئەگرێتەوە.

لە زمانە ئەوروپی یەکان دا زۆر جار دوو تیپ وەیان زیاتر بۆ دەربڕینی یەک دەنگ بەکار دێن. بۆ نموونە لە ئنگلیزی دا tch, ch بۆ (چ): church ,watch sh بۆ (ش): short. لە ئەڵەمانی دا sch بۆ (ش): schule. tsch بۆ(چ) deutsch یان تیپێک جارێک بۆ دەربڕینی دەنگێک و جارێکی تر بۆ دەربڕینی دەنگێکی تر: c لە ئنگلیزی دا جارێک بۆ (ک): car جارێک بۆ(س): ceremony .th جارێک بۆ(ذ): though جارێک بۆ(ث): thought. chalakmuhamad@gmail.com

ئەم شێوەی نوسینە، کە ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتای نوسینەوەی ئەو زمانانە وە نەبێت کارێکی باش بێت. بەڵام ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی دەسکاری کردنی زۆر ئەکەوێت لە سەریان جارێ هەر وەک خۆی هێشتوپانەتەوە. ئەگینا لە زانستی زمان دا ڕاسترین شێوەی نوسین ئەوەیە کە بۆ دەربڕینی هەر یەکانەیەکی دەنگی یەک تیپ بەکار بێت. ئەمە گیروگرفتی نوسینەوەی هەموو زمانێک کەم ئەکاتەوە دەنگەکانی زمان لە تێکەڵاوبون ئەپارێزێت. بۆ دەرخستنی خراپی ی بەکار هێنانی زیاتر لە یەک تیپ بۆ دەربڕینی یەک دەنگ ئەتوانین لە پێشکەوتوترین زمانەکانی جیهان دا سەدان نمونە بهێنینەوە. بۆ وێنە لە ئنگلیزی دا لەوشەی cathedral, cathead دا t و h کە لە تەنیشت یەکەوە نوسراون لە یەکەم دا بۆ دەربڕینی دوو دەنگ بە کارهاتون (ت ، ھ)، لە دووەم دا بۆ دەربڕینی یەک دەنگ(ث). لە وشەی dishearten و dish دا h و s کە لە تەنیشت یەکەوە نوسراون لەیەکەم دا بۆ دەربڕینی دوو دەنگ بە کارهاتون (س و ھ)، لە دووەم دا بۆ دەربڕینی یەک دەنگ (ش). یان لە

ئەڵەمانی دا tsch لەوشەی Deutsch دا بۆ دەربڕینـی یەک دەنگ (چ) بە کارهاتووە کەچی لە botschaft دا بۆ دەربڕینی دوو دەنگ (ت و ش). لەبەر ئەوەیە کە لە زانستی زمـان دا پەیڕەوی دەسـتووری یەک تیپ بۆ یەک دەنگ ئەکرێت، بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان بەڕوونی لە یەکترو خوێندنەوەی وشەکان بە شێوەیەکی ڕاست.

chalakmuhamad@gmail.com

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان:

ئەگەر لە کوردی دا سەرنج لە وشەی بار/ bār بدەین و هەر جارە یەکێک لە دەنگەکانی بگۆڕین بەم جۆرە :

بار/ bār ـ پار /pār. بار/ bār ـ بەر/ bar. بار/ bār ـ بان/bān.

ئەبینین هەر جـارە وشـەیەکی نوێ پێک دێت کـە لە مـانادا لەگـەڵ ئەوانی تر جـیاوازە. ئەمە ئەمـان گـەیێنێـتـە ئەو ئەنجامەی کەوا ئاڵ و گۆڕ کـردنی هەر یەکێک لەم تیپانە: ب/b، پ/p، ا/ā، ر/r، ن/n، کە هەر یەکەیان وێنەی دەنگێکن لە هەر یەکێک لەو وشانەی سەرەوەدا ئەبێتە هۆی گۆڕینی مانای وشەکەو جیا کردنەوەی لەوانی تر. مەبەس لە " پچوکترین یەکانەی دەنگی ی زمـان کە گـۆڕینی لە وشـەیەک دا ئەبێـتـە هۆی گـۆڕینی مـانای ئەو وشـەیە" ئەمەیە. وا بزانم پێناسینەکەمان بۆ فۆنێم ڕوون بووەوە.

ئێستا بە پێ ی ئەو دەستورەی لە سەرەوە بۆ خۆمانمان دانا:

یەکەم ـ دیاری کردنی دەنگەکانی زمانی کوردی،

دووەم ـ دانانی تیپێک بۆ هەر یەکێک لەم دەنگانە،

سێ یەم ـ بەراورد کـردنی هەر یەکـێک لەم تیـپـانە لەگـەڵ یەکـتـردا بۆ سەلماندنی پێوستی بوونیان لە ئەلفابێ ی زمانەکەمان دا و سەلماندنی ئەوەی کە نەبوونی هەریەکێکیان ئەبێتە هۆی ماناگۆڕین و تێکەڵاو کردنی وشەکان وە بە

پێ ی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوەمان دەنگەکانی زمانی کوردی دیاری ئەکەین و بۆ هەریەکێک لەم دەنگانە تیپێک دا ئەنێین و لە چەند وشەیەکی لە یەکچووی زمانەکەمان دا نموونەیان بۆ ئەهێنینەوە. بەم جۆرە ئەتوانین فۆنێمەکانی زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستانە دیاری بکەین و پێویستی بوون و نەبوونی هەر تیپێک لە ئەلفابێ ی زمانەکەمان دا بسەلمێنین.

وتمان دەنگ پچووکترین یەکانی وتنە. بەڵام دەنگەکان هەموو چوون یەک نین، بەڵکوو بە پێ ی شێوەو شوێنی دەربڕینیان و ئەو ئەندامانەی وتن ( لێو ـ دان ـ مەڵاشوو ـ گەروو ـ لووت) کە لە دەربڕینیان دا بەشدار ئەبن جیاواز ئەوەستن. بەم پێ یەش لە یەکتر جیا ئەکرێنەوەو ناوی جیاوازیان لێ ئەنرێت.

بۆ وێنە ئەگەر سەرنج لە چۆنێتی ی دەربڕینی دەنگەکان بدەین لە وشەی یاد/yād دا ئەبینین لە دەربڕینی دەنگی یەکەم دا (ی/ y) ئەندامەکانی وتن ( لێرەدا ناوەڕاستی زمان و مەڵاشوو) تا ڕادەیەک لە یەکتر نزیک ئەبنەوە، بەڵام ناچنە سەریەک، هەوا ماوەی هاتنە دەرەوەی تەنگ ئەبێت، بەڵام پێشی لێ ناگیرێ. لە دەربڕینی دەنگی دووەم دا(ā/ا) ئەندامەکانی وتن لە یەکتر دوور ئەکەونەوەو هەوا بە بێ کۆسپ لەدەمەوە دێتە دەرێ. لە دەربڕینی دەنگی سێ یەم دا(د/d) ئەندامەکانی وتن (لێرەدا سەری زمان و پشتی ڕیزە دانەکانی سەروو) ئەچنە سەریەک، هەوا بۆ ماوەیەک بە تەواوی پێشی لێ ئەگیرێت و لە کاتی بەرەڵڵا بوونی دا ئەو دەنگە پەیدا ئەبێت.

chalakmuhamad@gmail.com

خۆ ئەگەر دەنگی سێ یەم بکەین بە(ر/r)، ئەبینین لە کاتی دوروست بوونی ئەم دەنگەدا ئەندامەکانی وتن ( لێرەدا سەری زمان و پێشی مەڵاشوو) ئەچنە سەریەک بێ ئەوەی ڕێگای هاتنە دەرەوەی هەوا بەتەواوی بگرن.

ئەگەر بەم پێ یە( دوورو نزیکی ی ئەندامەکانی وتن لە یەکەوە و چۆنێتی

هاتنه دەرەوەی هەوا لە دەم یان لە لوتەوە) سەرنجمان لە دەنگەکانی زمان و شێوەو شوێنی دەربڕینیان دا، ئەم جۆرانەمان لێ بەرچاو ئەکەوێت ( ئەمە بۆ هەموو زمانەکان ئەشێت. بەڵام لێرەدا ئێمە مەبەسمان لە دەنگەکانی زمانی کوردی یە. لە بەر ئەوەی بە زۆری هەر باسی ئەو دەنگانە ئەکەین کە لە زمانەکەمان دا هەن. جارو باریش بە نیازی ڕوونکردنەوەی زیاتر نموونە لە زمانەکانی تریش ئەهێنینەوە):

جۆری یەکەم: ئەودەنگانەی کە لە کاتی دوروست بوونیان دا ئەندامەکانی وتن ناچنە سەریەک. هەوا بە بێ کۆسپ لە دەمەوە (یان لە دەم و لوتەوە) دێتە دەرێ و بە لەرینەوەی تارەدەنگی یەکان لە گەروودا پەیدا ئەبن. لە بەر ئەوە هەموویان بە ئاوان(= voiced). ئەم دەنگانە بە لاتینی پێ یان ئەوترێت vocalis (= پڕ دەنگ)، بە ئنگلیزی: vowels. بە عەرەبی و کوردی زۆر ناویان هەیە (علة، مصوت، صائت، حرکة، طليق،دەنگدار، بزوێن، خۆ دەنگ... هتد). هیچ یەکێک لەم ناوانە جێگیر نین و ڕێکەوتنی گشتی یان لە سەر نی یە وەک ناوە لاتینی یان ئنگلیزی یەکە. لەبەر ئەوە بۆ ئەم جۆرە دەنگانەو بۆ هەموو تێرمە زانستی یەکانی زمانەوانی کە لەم وتارەدا دێنە پێشەوەو لە زمانی کوردی دا تا ئێستا ناوێکی جێگیر و گونجاویان نی یە، تێرمە زانستی یە جیهانی یەکان بەکار ئەهێنم ( بە تایبەتی شێوە ئنگلیزی یەکەی) (١).

chalakmuhamad@gmail.com

ئەم دەنگانە کە لەمەولا ناویان ئەبەین بە( ڤاولەکان) هەموویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە کە لە کاتی دوروست بوونیان دا ئەندامەکانی وتن ناچنە سەریەک، هەوا بەبێ کۆسپ لە دەم یان لە دەم و لوتەوە دێتە دەرێ و لە لەرینەوەی تارەدەنگی یەکان پەیدا ئەبن و هەموویان بە ئاوان. بەڵام بەردەوامی یان لە وتن

دا و باری زمان و لێو و چەناگە لە کاتی دەربڕینیان دا چەند جۆرێکیان لێ جیا ئەکاتەوە، کە لە کوردی دا ئەمانەن:

زۆر کورت ـ بە تیپی عەرەبی وێنەی بۆ دانەنراوە. بە تیپی لاتینی بەم جۆرە ئەنوسرێت (i). وەک دەنگی نێوان (ک) و (ز) لە وشەی کز/k ـ z دا، دەنگی نێوان (م) و (ن) لە وشەی من /min دا و دەنگی (پ) و (ر) لەوشەی پڕ /piṛ دا. لە دەربڕینی ئەم دەنگەدا لێو بەشدار نابێت (unrounded)، زمان لە بۆشایی دەم دا بارێکی مام ناوەندی وەر ئەگرێت.

کورت ـ وەک دەنگی دووەم لەم وشانەدا:

شەو/ Šaw ـ a/ە، نیگار /nigār ـ ی/i، گوڵ/guḷ ـ و/u لەدەربڕینی دەنگی ە/a دا لێو بەشدار نابێت. زمان لە ناو بۆشایی دەم دا بارێکی نزم وەرئەگرێت و کەمێک بەرەو پێشەوە تەکان ئەدات. لە دەربڕینی دەنگی ـ ی/i دا لێو بەشدار نابێت. پشتی زمان بەرەومەلاشو بەرز ئەبێتەوە و بەرەو پێشەوە ئەشکێت.

chalakmuhamad@gmail.com

لە دەر بڕینی دەنگی ـ و/ u دا هەردو لێو بەشدار ئەبن و بارێکی دائیری وەر ئەگرن( rounded). پشتی زمان بەرز ئەبێتەوەو بۆ دواوە ئەچێت.

درێژ ـ وەک دەنگی دووەم لەم وشانەدا:

شار/ Šār ـ ا/ ā، شێر/ Šēr ێ/ ē،

شیر/ Šīr ـ ی/ ī، زۆر zōr ـ ۆ/ ō،

ژوور/ žūr ـ وو/ ū.

لە دەربڕینی دەنگی ـ ا/ā دا لێو بەشدار نابێت. زمان ئەوپەڕی باری نزمی وەر ئەگرێت لە ناو بۆشایی دەم دا و لە ناوەڕاست دا ئەمێنێتەوە. چەناگەش بەرەو خوارەوە ئەجوڵێت.

لە دەربڕینی دەنگی ـ ێ/ ē دا لێو بەشدار نابێت. پشتی زمان بەرز ئەبێتەوەو بەرەو پێشەوە ئەچێت.

لە دەربڕینی دەنگی ـ ی/ ī دا لێو بەشدار نابێت.پشتی زمان زیاتر بەرز ئەبێتەوەو بەرەو پێشەوە تەکان ئەدات.

لەدەربڕینی دەنگی ـ ۆ/ ō دا هەردو لێو بەشدار ئەبن و بارێکی دائیری وەر ئەگرن. پشتی زمان کەمێک بەرز ئەبێتەوە بەرەو دواوە ئەچێت.

لە دەربڕینی دەنگی ـ و/ū دا دیسان هەردو لێو بەشدار ئەبن و بارێکی دائیری وەر ئەگرن. پشتی زمان زیاتر بەرز ئەبێتەوەو زیاتر بۆ دواوە ئەچێت.

لە چەند شێوەیەکی زمانی کوردی دا ڤاولێک هەیە کە لە (ü) ی درێژی ئەڵەمانی ئەچێت. ئەم دەنگە ئەتوانرێت بە تیپی عەرەبی بەم جۆرە بنوسرێت:

(ۊ). بۆ وێنە: بادینی ـ دۊر/dǖr (= دور).

: کرمانشایی ـ پۊل/ pül (پول).

: کەنوڵەیی ـ کۊلەکی kǖlakī (= کولەکە).

هەندێک لەو باوەڕەدان کە ڤاولێکی تریشمان هەیە ـ ȫ، کە بە تیپی عەرەبی بەم جۆرە ئەینوسن ـ ۆ̄ و مەبەسیان لەو ڤاولانەیە کە لە وشەکانی:

خوێن، سوێر، توێژ ... هتد بەدی ئەکرێت. بە پێ ی بۆچونی ئەوان پێویستە ئەم وشانە بە تیپی عەرەبی ولاتینی بەم جۆرە بنوسرێن:

خۆ̄ن/ xȍn، سۆ̄ر/ sȍr تۆ̄ژ/ tȍz... هتد. ٢)

من لەو بڕوایەدام کە ئەم دەنگە بەم شێوەیە ـ ȍ لە زمانی ئەدەبی ی ئێستامان دا نەماوە. هۆی نەمانەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ: گرانی ی وتنی ـ چونکە زمان بەرەو ئاسانی ئەگۆڕێت، گرانی ی نوسینی ـ چونکە ئەم دەنگە لە کوردی ی ڕۆژهەلاتی دا هەبوە کە بەردەوام بە تیپی عەرەبی نوسراوەتەوە. لە

chalakmuhamad@gmail.com

بەر ئەوەی لە ئەلفبای عەرەبیش دا وێنەی ئەم دەنگە نی یە، ناچار بەم جۆرە نوسراوە – وێ. ئەمەش کاری کردۆتە سەر شێوەی وتنی. ئەم جۆرە نوسینەش (وێ)، ئەگەرچی بە تەواویش لەگەڵ وتنی ئەم دەنگەدا یەک نی یە. بەڵام زۆریش لێ ی دور نە کەوتۆتەوە.

لەبەر ئەم هۆیانە و بۆ ئەوەی تیپێک لە ئەلفابی ی زمانەکەمان دا زیاد نەکەین بەلای منەوە وا باشترە کە تیپی عەرەبی بنوسین:

خوێن، سوێر، توێژ...... نەک: خۆن، سۆر، تۆژ ... هتد.

دەنگی ü لە وتن دا هەر وەکو خۆی ماوەتەوە. چونکە ئەو شێوانەی ئەم دەنگانەیان تێدایە کەمتر نوسراونەتەوە. نوسینەوەی زمان و جۆری ئەو ئەلفبایەی بۆ نوسینەوەی بە کار دێت زۆر کار ئەکاتە سەر شێوەی وتنی دەنگەکان. ئەو دەنگانەی لەو ئەلفبایەدا کە پێ ی ئەنوسرێتەوەو وێنەیان بۆ دانەنراوە لەگەڵ تێپەڕ بونی کات دا ئەگۆڕێن و وەک خۆیان نامێننەوە. بۆ وێنە لەوەتی زمانی تورکی بە تیپی لاتینی ئەنوسرێتەوە جۆری وتنی گەلێک دەنگ لەو وشە عەرەبی یانەدا گۆڕاون کە تا ئێستا لە زمانی تورکی دا بە کاردێن:

حال بووە بە هال/ hal علم بووە بە ئیلم/ ilm حفظ بووە بە هیفز/ hifz ... هتد.

chalakmuhamad@gmail.com

بۆ ڕونکردنەوەی کارتێکردنی نوسینەوەی زمان و ئەو ئەلفبایەی لە نوسینەوەی دا بە کاردێت بۆ سەر دەنگەکان، ئەتوانین زۆر نمونە بهێنینەوە. بەڵام ئێرە شوێنی ئەم باسە نی یە، لەبەر ئەوە ئەگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆمان.

ö و ü هەردوکیان لەو دەنگانەن کە لێوەکان لە دەربڕینیان دا بەشدار ئەبن و شێوەیەکی دائیری وەرئەگرن. لەکاتی دوروست بونی دەنگی ö دا پشتی

زمان کەمێک بەرز ئەبێتەوەو کەمێک بۆ پێشەوە ئەچێت بەڵام لە ڕادەی ناوەڕاست تێ ناپەڕێت، لە کاتی دوروست بونی دەنگی ü دا پشتی زمان زیاتر بەرەو مەلاشو بەرز ئەبێتەوەو زیاتر بۆ پێشەوە ئەچێت. ئەم دو دەنگە هیچیان جوتە ڤاول (diphthong) نین وەک لە شوێنی خۆی دا باس ئەکرێت.

هەر ڤاولێک بکەوێتە سەرەتای وشەیان سەرەتای برگەوە دەنگێکی گەرویی وەستاو (glottal stop) پێشی ئەکەوێت، ئەو دەنگە لە عەرەبی دا پێ ی ئەڵێن (الهمزة). لە ئیملای نوێ ی کوردی دا بە تیپی عەرەبی ڤاولەکان کە بکەونە سەرەتای وشەوە بەم جۆرە ئەنوسرێن: ئـ ، ئە، ئیـ ،ئو، ئا، ئێ ،ئیـ، ئۆ، ئو، ئوو. لە ئەڵمانی دا بەم دەنگە (هەمزە) ئەوترێت ڤاول هەڵگر vokalträger . نوسینی هەمزە پێش ڤاولی سەرەتای وشەو برگە بە تیپی لاتینی بە پێویست نازانرێت. ڤاولەکان لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بەهەردو تیپی عەرەبی و لاتینی بەم جۆرە دەرئەکەون:

ئنجا/ i̊njā، نزار/ nīzār، لە کۆتایی وشەدا نایەت. کەم وشەش لە زمانی کوردی دا هەیە کە بەم ڤاولە دەست پێ بکات.

ئەو/ aw ، کەو/ kaw، کەرە/ kara. لە هەمو شوێنێکی وشەدا بە زۆری بەر چاو ئەکەوێت.

chalakmuhamad@gmail.com

ئیمرۆ/imṛō ، جیهان/ ǰihān، لە کۆتایی وشەدا نایەت. لەسەرەتاو ناوەڕاستی وشەش دا لە زمانی کوردی دا کەم بەدی ئەکرێت.

ئومێد/ umēd، کوڕ/ kuṛ، لە کۆتایی وشەدا نایەت. کەم وشەش لە کوردی دا بەم ڤاولە دەست پێ ئەکات.

ئاو/ āw، دار/ dār، ئازا/ āzā، لە هەمو شوێنێکی وشەدا بە زۆری بەرچاو ئەکەوێت.

ئێستا/ ēstā، ڕێگا/ rēgā، لادێ/ lādē. لە ناوەڕاستی وشەدا بە زۆری لە سەرەتاو کۆتایی وشەدا کەمتر بەرچاو ئەکەوێت.

ئیتر/ ītir، ڕیز/ rīz، یاری/ yārī. لە سەرەتای وشەدا کەم، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بە زۆری بەرچاو ئەکەوێت.

ئۆخەی/ ōhay، کوڕ/ kōr، برۆ/ bīrō. لە سەرەتای وشەدا کەم، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بە زۆری بەرچاو ئەکەوێت.

ئوچ/ ūč، دوڕ/ dūr، زوو/ zū. لە سەرەتای وشەدا زۆر کەم، لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا بە زۆری بەرچاو ئەکەوێت. جگە لە ئوچ، ئوشی/ ūšī (= هێشو/ کرمانجی ی ژوورو) و پیتی پەیوەندی و/ ū، ٣).

لە کرمانجی ی ژوورو دا، وشەی کەم لە زمانی کوردی دا بەدی ئەکرێت کە بەم ڤاولە دەست پێ بکات. chalakmuhamad@gmail.com

ئۆف/ ūf، قۆل/ qül، (= قول/کرمانشایی)، مۆ/ mü، (= مو/ بادینی).

ئەم دەنگە ئەگەرچی بە زۆری لە هەندێک شێوەکانی زمانی کوردی دا ( بادینی، فەیلی، کرمانشایی، کەنوڵەیی) بە کاردێت، بەتایبەتی لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، بەڵام لە زمانی ئەدەبی ی کوردی دا بە هەردو شێوەکەیەوە بەکار نایەت، بەڵکو ئەگۆڕێت بۆ: و/ ū.٤)

(ö) لە کوردی دا لە سەرەتای وشەدا نایەت. لە ناوەڕاسمت و کۆتایی وشەش دا وەک باسمان کرد گۆڕاوەو لە وێ/wē نزیک بۆتەوە، وەک لەم وشانەدا دەرئەکەوێت: نۆژ/ nöž ← نوێژ/ nwēž، نۆ/ nö نوێ/ nwē، جۆن/ ǰön ← جوێن/ ǰwēn، جۆ/ ǰö ← جوێ/ ǰwē... هتد.

باسەکەمان تائێرە ئەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کەوا لە کوردی دا بەلای کەمەوە یانزە ڤاول هەیە، یەکێکیان(ۆ/ ü) لە زمانی ئەدەبی دا بە کارنایەت و

ئەگۆڕێت بۆ (وو/ ū). یەکیکی تریان (و / ȯ) لە (وێ/ wē) نزیک بۆتەوەو ئەمڕاوە لە نوسین دا بە جۆری دوایی ئەنوسرێت کە لە نیوەڤاولێک + ڤاولێکی درێژ پێک هاتووە. نۆ ڤاولەکەی تر هەمویان بە تیپی لاتینی دەرئەکەون و بە ڕونی لە یەکتر جیا ئەکرێنەوە. بەڵام بە تیپی عەرەبی یەکێکیان (î) دەرناکەوێت. جگە لەوە (i) و (ī) و نیوەڤاولی (y) وەک یەک ئەنوسرێن (ی).

(u)و نیوەڤاولی (w) لەیەک جیا ناکرێنەوەو بۆ هەردوکیان (و) ئەنوسرێت. لە لایەکی ترەوە جارێک دو(و) ئەنوسرێت لە باتی (ū) جارێکی تر لەباتی (u)+ نیوەڤاولی (w) ـــ دوور/ dūr. دووەم/ duwam .

هەندێک لەم گیرگرفتانەی نوسین بە تیپی عەرەبی ئەتوانرێ کەم بکرێنەوە. بەوەی بۆ (ī) بنوسرێت (ێ)، بۆ (ū) بنوسرێت (وو). بەڵام ئەوە هەر ئەمێنێت کە (i) لە (y)و (u) لە (w) جیا نەکرێنەوە.

پوختەی باسەکەمان لە سەر جۆری یەکەمی دەنگەکان ( ڤاولەکان) ئەوە ئەگەێنێت کە بۆ نوسینەوەی زمانەکەمان بە شێوەیەکی ڕاست و تێکەڵاو نە کردنی مانای وشەکان پێویستمان بە(٩) نۆ فۆنێمە ڤاول هەیە، وەک لەم بەراوردانەی خوارەوە دا دەرئەکەوێت:

chalakmuhamad@gmail.com

-/ î - ی /i - ێ/ ī گرتن gîrtin - گیرفان/ girfān

:گیران/ gīrān - نزار/nîzār

: نیگار/ nigār - نیشان/ nīšān

ە / a- ا/ ā ئەو/aw - ئاو āw

: شەن/ šan - شان/šān

: کەوە/ kawa - کەوا/kawā

ێ/ē - یِ/ī: ئێش/ēš- ئیش/īš

ژێر/žēr - ژیِر/žīr:

پێرێ/pērē - پیرِی/pīrī :

و/u- ۆ/ō- وِ/ū: کوڕ/kuṛ- کۆڕ/kōṛ- کوِڕ/kūṛ

گوِڕ/gūṛ- گۆڕ/gōṛ :

پۆل/pōl- پوِل/pūl :

باری زمان و لێو لەکاتی دەربڕینی ڤاوڵە کوردی یەکان دا لەم نەخشەیەی خوارەوەدا جارێکی تر ئەخەینەوە پێش چاو:

باری زمان لە بۆشاییِ دەم دا




* ڤاولە لێویِ یەکان ( ئەوانەی لێو لە دوروست بوِنیان دا بەشدارێ‌ئەبن)

chalakmuhamad@gmail.com

جۆری دووەم: ئەو دەنگانەی ئەندامەکانی وتن کە لەدەربڕینیان دا بەشدار ئەبن کەم و زۆر ئەچنە سەریەک. ئەم دەنگانە بەلاتینی پێ یان ئەوترێت: consonans (= هاودەنگ)، بە ئنگلیزی consonant. بە عەرەبی و بە کوردی ئەمانیش وەک ڤاولەکان زۆر ناویان هەیە ( صحیح، ساکن، صامت، حبیس - بێ دەنگ، نەبزوێن، دەنگبەر ... هتد). هەر لەبەر ئەو هۆیەی لە باسی ڤاولەکان دا ڕوونم کردەوە، بۆ ئەمانیش هەر ناوە جیهانی یەکە ( شێوە ئنگلیزی یەکەی/ کۆنسنانت) بە کار ئەهێنم.

کونسنانتەکان بە پێ ی چۆنێتی ی دوروست بوونیان ئەبن بە دوو بەشی گەورەوە: بەربەست، بەردەوام.

chalakmuhamad@gmail.com

لە کاتی دوروست بوونی دەنگە بەربەستەکان دا ( بە ئنگلیزی stops) ئەندامەکانی وتن بەتەواوی ئەچنە سەریەک. هەوا بۆ ماوەیەک بە تەواوی پێشی لێ ئەگیرێت و تەنیا لە کاتی بەرەڵڵا بوونی دا ئەو دەنگەی ویستراوە پەیدا ئەبێت. ئەم دەنگانە پێشیان ئەوترێت داخراو (plosive )، گیراو (obstruent )، تەقیو(explosive). ئەمانیش بە پێ ی بەشدار بوونی تارە دەنگی یەکان لە دوروست بوونیان دا ئەبن بە سێ بەشەوە:

١ - ئەو دەنگانەی لە کاتی دەربڕینیان دا تارەدەنگی یەکان ئەلەرێنەوە ( بە ئاوا/ voiced)، وەک دەنگی یەکەم لەم وشانەی خوارەوەدا:

بار/ bār، دار/ dār، جار/ ǰār، گوڕ/ guṛ.

٢- ئەو دەنگانەی لە کاتی دەربڕینیان دا تارەدەنگی یەکان نالەرێنەوە ( بێ ئاوا voiceless )، وەک دەنگی یەکەم لەم وشانەی خوارەوەدا:

پار/ pār، تار/ tār، چار/ čār، کوڕ/ kuṛ.

٣- بێ لایەن (neutral )، وەک دەنگی یەکەم لەم وشەیەدا :

قورِ/ qur̥. هەروەها هەمزە( ئـ )، کە لە کوردیِ دا تەنیا لە سەرەتای وشەدا پێش ڤاولەکان بەدیِ ئەکرێت وەک لە شوێنی خۆی دا باس کرا. لە کۆتاییِ وشەدا تەنیا لە (نەء) دا ئەبینرێت کە ئەویش بە زۆری ئەگۆڕێت بۆ (نا). هەتا لە وشە لێکدراوەکان دا لەگەڵ ئەوەش دا کە ئەکەوێتە سەرەتای بڕگەوە زۆر جار هەڵ ئەگیرێت. بۆ وێنە: سەرئەنجام، سەرئێشە، ماڵ ئاوا... هتد ئەگۆڕێن بۆ: سەرەنجام، سەرێشە، ماڵاوا.

chalakmuhamad@gmail.com

لەو وشەی عەرەبیِ یانەش دا کە هاتونە ناو زمانی کوردیِ یەوە بە زۆری هەمزەکان ئەگۆڕێن بۆ دەنگێکی ڤاول یان نیوە ڤاول ( بە پێ ی شوێنی بە کارهێنانیان). بۆ وێنە: مسئله، بئر، مائل، مؤدی بوِن بە: مەسەلە، بیر، مایل، مەودا.

بەم جۆرە ئەبینینِ کە هەمزە دەنگێکی بڕبڕەی زمانی کوردیِ نیِ یە. بەڵکو بەستراوەتەوە بە بەکارهێنانی ڤاولەکانەوە. هەر وشەیەک بە ڤاول دەست پێ بکات دەنگێکی گەروِیی وەستاو(glottal stop ) ی ئەکەوێتە پێش. ئەمەش تایبەتی نیِ یە بە زمانی کوردیِ. لە هەموِ زمانێک دا هەروا. جا ئەگەر لە نوِسینی زمانێکدا پێش ڤاولی سەرەتای وشە یان بڕگە وێنە بۆ ئەم دەنگە دانرابێت یا نا، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئۆرتۆگرافیِ ی ئەو زمانە و جۆری ئەو ئەلفابێ یەی لە نوِسینیِ دا بە کاردێت. ئەم دەنگە کە لای ئێمە بە هەمزە ناسراوە یەکێکە لە دەنگە بنچینەییِ یەکانی زمانی عەرەبیِ و لە سەرەتاو کۆتاییِ و ناوەوەی وشەدا بەر چاو ئەکەوێت. ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ڕای زانایانی زمان لە سەر بە ئاواییِ و بێ ئاواییِ (ق) و (هەمزە) یەک نیِ یە. هەندێکیان بە ئاوا هەندێکیان بێ ئاواو هەندێکیان بەبێ لایەنیان دائەنێن. بەلای منەوە ڕای سێ یەمیان لە ڕاستی یەوە نزیکِ ترە. ئەم ڕاستیِ یە ڕوِن

ئەبێتەوە ئەگەر لە کاتی دەربڕینی دەنگە بەئاواکان و بێ ئاواکان دا ئەمجا لەکاتی دەربڕینی (ق) و (هەمزە)دا پەنجەکان بخەینە سەر گەرومان و لە لەرینەوەی تارەدەنگی یەکان ورد ببینەوەو لەگەڵ یەکتردا بەراوردیان بکەین. لە هەر سێ بارەکەدا هەست بە جیاوازی ئەکەین. ٥)

ج/ ǰ و چ/ č لە هەندێک زمان دا ( بەتایبەتی لە زمانە سلاڤی و گێرمانی یەکان دا) وەک دو دەنگی لێکدراو دێنە بەر گوێ ( ج وەک لە تێکەڵاوبونی دەنگی د/d و ژ/ ž پێک هاتبێت، چ وەک لە تێکەڵاوبونی دەنگی ت /t و ش/ š ).لەبەر ئەوەناو ئەبرێن بە affricate (= ئەو دەنگانەی لە تێکەڵاوبونی دەنگێکی بەربەست لەگەڵ دەنگێکی خشۆک/fricative دا پێک دێن، وەک/ č لە ڕوسی دا و z لە ئەڵمانی دا. پێشیان ئەوترێت نیوە بەربەست/ semi- stops). ئەو ی ڕاستی بێت من ئەو تێکەڵاوی یە لە ج و چ - ی کوردی دا نابینم. لەبەر ئەوە لەگەڵ دەنگە بەربەستەکانی تردا دام ناون. ئەوەش هەیە کە هەندێک لە دانیشتووانی هەولێرو کەرکوک(لام وایە بە تاسیری تورکمانی) زۆر جار (ک) و (چ) وە (گ) و (ج) تێکەڵاو ئەکەن. بەڵام ئەمە باسەکەی ئێمە ناگرێتەوە چونکە هەر وەک لەسەرەتای وتارەکەدا وتمان ئێمە باسی زمانی نوسین و ئەدەبیاتی کوردی ئەکەین نەک زمانی کوردی بە هەمو شێوەکانی یەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

لە کاتی دوروست بونی دەنگە بەردەوامەکان دا ئەندامانی وتن کەم و زۆر ئەچنە سەریەک، بەڵام هەوا بە تەواوی پێشی لێ ناگیرێت. بەڵکو لە دەم یان لە لوتەوە دێتە دەرێ و بە درێژایی هاتنەدەرەوەی دەنگەکە بەردەوام ئەبێت. ئەم دەنگانە بە پێ ی دوروست بونیان ئەبن بە سێ بەشەوە:

الف- ڕەوان liquid/ ئەمیش دو جۆری هەیە:

١ - لاتەنیشت/ lateral: ئەو دەنگانەی هەوا لە کاتی دوروست بونیان دا لە لاتەنیشتی زمانەوە دێتە دەرێ، وەک دوا دەنگی ئەم وشانە:

کول/ kul، کوڵ/ kuḷ. گول/ gul، گوڵ/ guḷ. ئەم دو دەنگە هەر دوکیان بە ئاوان.

chalakmuhamad@gmail.com

ڵ/ Ḷ لە کوردی دا ناکەوێتە سەرەتای وشەوە.

لە هەندێک وشەی کوردی دا جاری وا هەیە دو ل/ L یان دو ڵ/Ḷ ئەکەونە تەنیشت یەکەوە، وەک لەم وشانەدا کوللە/ kulla، گوللە/ gulla. بەرەڵڵا/ baraḷḷā. ئەم دەنگانە هەریەکە بۆ خۆیان فۆنێمێکی سەربەخۆن.

ب - لەرۆک/ vibrant: ئەو دەنگانەی زمان لە کاتی دوروست بونیان دا ئەلەرێتەوە، وەک دوا دەنگی ئەم وشانە:

جار/ ǰār، جاڕ/ ǰāṛ. کەر/ kar، کەڕ/ kaṛ. ئەم دو دەنگەش هەردوکیان بە ئاوان.

ر/ r لە کوردی دا ناکەوێتە سەرەتای وشەوە.

٢ - لوتی/ nasal: ئەودەنگانەی هەوا لە کاتی دوروست بونیان دا لە لوتەوە دێتەدەرێ، وەک دوا دەنگی ئەم وشانە:

مام/ mām، مان/ mān. مۆم/ mōm، مۆن mōn.

لە شێوەی سلێمانی دا دەنگێکی لوتی ی تریش هەیە کە بە تیپی عەرەبی هەندێک جار بە (نگ) و هەندێک جار بە (ند) ئەنوسرێت وەک لەم وشانەدا بە دی ئەکرێت: کنگر(کنگرو ماست)، کندر(دەزوی کندر). پەنگ (پەنگ خواردنەوە)، پەند (بە پەند کردن)... هتد بەلای منەوە بۆ ئەم دەنگە پێویستمان بەوە نی یە تیپێک بخەینە سەر ئەلفابێ ی زمانەکەمان بەتایبەتی کە لە ناوچەیەکی کەم دا بەکار دێت. ئەگەرچی نوسینی هەندێک جار بە

(نگ) و هەندێک جار بە (ند) نەختێکیش سەر لێ شێوێنەرە. ئەم دەنگانە هەموڕیان بە ئاوان.

٣- خشۆک fricative: ئەودەنگانە لەکاتی دوروست بوڕنیان دا لە تێپەڕبوڕنی هەوا بە لای ئەو ئەندامانەی وتن کە لە دەربڕینیان دا بەشدار ئەبن خشە دەنگێک پەیدا ئەبێت. ئەم دەنگانەش بە پێ ی لەرینەوەی تارە دەنگیِ یەکان ئەبن بە دوڕ بەشەوە:

١- بە ئاوا: وەک دەنگی یەکەم لەم وشانەدا:

ڤڕە/viṛa، زاوا/zāwā، ژار/žār، غار/ğār.

دەنگی ڤ/ v لە کوردیِ ی رۆژهەڵاتیِ دا تەنیا لە چەند وشەیەکی دەنگیِ دا هەیە، وەک: ڤنگە/vinga ، گڤە/ giva ، بڤە/ biva.

لە کوردیِ ی رۆژئاواییِ دا بە زۆری هەیە و لە هەموڕ شوێنێکی وشەدا بەدیِ ئەکرێت، بۆ نموڕنە: ڤالا/vālā (بەتاڵ)، هێڤی/hēvī (هیوا)، داڤ/dāv (داو).

chalakmuhamad@gmail.com

دەنگی غ/ ğ بە زۆریِ ئەگۆڕێت بۆ خ/ ḫ، لەبەر ئەوە لە کەم وشەی کوردیِ دا بەرچاو ئەکەوێت، بۆ نموڕنە: غنچە/ ğonča ، باغ/ bāğ، داغ/ dāğ- ی فارسیِ، لە کوردی دا ئەبن بە: خونچە/ ḫunča ، باخ/ bāḫ، داخ/ dāḫ.

ب - بێ ئاوا: وەک دەنگی یەکەم لەم وشانەدا:

فەرمان/ farmān، ساوا/ sāwā، شار/ šār، خار/ ḫār، حەوت/ ḥawt، هاوار/ hāwār.

ح/ ḥ لە کوردیِ دا کەمە. هەندێک جاریش ئەگۆڕێت بۆ ه/ h، بۆ وێنە حەفتە/ ḥafta ئەبێت بە هەفتە/ hafta.

ه/ h لە کوردیِ ی ڕۆژئاواییِ دا لە کۆتاییِ وشەش دا بەدیِ ئەکرێت وەک:

دەه/ dah(دە)، جه/ ǰih (جێ)، مەه/ mah (مانگ).

هەر ئەم دەنگانە (کۆنسنانتەکان) بە پێ ی شـوێنی دوروست بوونیان و ئەو ئەندامانەی وتن کە لە دەربڕینیان بەشدار ئەبن، ئەم جۆرانەیان لێ جیا ئەکرێتەوە:

١- ئەو دەنگانەی هەر دوو لێو لە دوروست بوونیان دا بەشدار ئەبن ( دوو لێوی/ bilabial ): پ/ p، ب/ b، م/ m.

٢- ئەو دەنگانەی لێوی خوارەوە لەگەڵ ڕیزە دانەکانی پێشەوە ( سەروو ) لە دوروست بوونیان دا بەشدار ئەبن (لێو- دانی/ labio- dental ): ف/ f ، ڤ/ v.

٣- ئەو دەنگانەی سەری زمان و پشتی ڕیزە دانەکانی پێشەوە (سەروو) لەدوروست بوونیان دا بەشدار ئەبن ( coronal- dentialveolar ): ت/ t، د/ d.

chalakmuhamad@gmail.com

٤-ئەو دەنگانەی پێشی زمان و پشتی ڕیزە دانەکانی پێشەوە (سەروو) لەدوروست بوونیان دا بەشدار ئەبن(predorsal - dentialveolar): س/ s، ز/ z.

٥-ئەو دەنگانەی سەری زمان و لێواری پێشەوەی مەلاشوو لە دوروست بوونیان دا بەشدار ئەبن ( coronal-alveolar ): ن/ n، ر/ r، ڕ/ ṛ، ل/ L، ڵ/ Ḽ.

٦- ئەو دەنگانەی سەری زمان و سەختە مەلاشوو لە دوروست بوونیان دا بەشدار ئە بن( coronal - prepalatal) : ش/ š ، ژ/ ž.

٧- ئەو دەنگانەی پێشی زمان و سەختە مەلاشوو لە دوروست بوونیان دا بەشدار ئەبن( predorsal_prepalatal ): ج/ ǰ ، چ/ č .

٨- ئەو دەنگانەی پشتی زمان و نەرمە مەلاشو لە دوروست بونیان دا بەشدار ئەبن( postdorsal - postpalatal) : ک/ k، گ/ g.

هەروەها ئەو دەنگەی کە وتمان بە تیپی عەرەبی جاری وا هەیە بە (ند)و جاری وا هەیە بە (نگ) ئەنوسرێت. ئەو دەنگەی لە یانزە - شانزە (جگە لە چواردە) لە شێوەی سلێمانی دا دێتە بەر گوێ، لەم دەنگەی داویی یەوە نزیکە بەڵام بەتەواوی وەک ئەو نی یە. لە یانزە... هتد دا منگی یەکە لە ئەلفەکەوە دەست پێ ئەکات. ز- کەش لە ظ/ẓ نزیک ئەبێتەوە، کە دەنگێکی پف هەڵدراوە ( aspirated). بە تیپی عەرەبی و لاتینی ئەتوانین دەنگە منگەکە بەم جۆرەش بنوسین: ڤ/ ṇ.

ئەم دەنگانە (ک، گ، ڤ،) پێشیان ئەوترێت: velar، چونکە لە نەرمە مەلاشو دا پەیدا ئەبن.

chalakmuhamad@gmail.com

٩- ئەو دەنگانەی پشتەوەی زمان و پشتەوەی نەرمەمەلاشو لە دوروست بونیان دا بەشدار ئەبن(postdorsal- postvelar )، پێشیان ئەوترێت: uvular، چونکە لە لای زمانە پچکۆلەوە پەیدا ئەبن ق/ q، خ/ ḫ، غ/ ğ.

١٠- ئەو دەنگانەی پشتەوەی زمان و سەرەتای بۆشایی لوت و دەم لە دوروست بونیان دا بەشدار ئەبن ( postdorsal- pharyngal) ح/ ḥ.

١١-ئەو دەنگانەی لە سەرەتای گەرودا پەیدا ئەبن ( laryngal)، لە بەر ئەوەی تارەدەنگی یەکان لە دوروست بونیان دا بەشدار ئەبن پێشیان ئەوترێت: glottal: ئ/ ɔ، ه/ h.

جگە لەمانە لە کوردی دا چەند دەنگێکی تریش بەر گوێ ئەکەون، وەک: ص/ ṣ لەم وشانەدا: صەد/ ṣad. صال/ ṣāl، صەوز/ ṣawz، شەصت/ šaṣt... هتد. ئەگەر لەم وشانەدا لە جیاتی (ص)، (س) بەکار بهێنین مانای

وشەکان ناگۆڕێن و وشەی نوێ یان لێ دوروست نابێت. لە (ئەسپێ) و (ئەصپێ/ک) دا نەبێت وشەی تر لە زمانەکەمان دا نابینم کە ئاڵ و گۆڕ کردنی دەنگی (س) و (ص) تیایان دا ببێتە هۆی مانا گۆڕینیان. بۆ ئەمەش پێویست ناکات تیپێک بخەینە سەر ئەلفابێ ی زمانەکەمان. هەمان قسەش بۆ (غ) ئەشێت. چونکە لە (خار) و (غار) دا نەبێت وشەی تر نابینم کە ئاڵ و گۆڕ کردنی (خ) و (غ) تیای دا ببێتە هۆی ماناگۆڕین.

دەنگی ط/ ṭ و ظ/ ẓ لە بادینی دا و ث/ ṯ و ذ/ ḏ لە هەورامی دا و ع/ ع لە دزەیی و پشدەری دا دیسان نایەنە ناو ئەلفابێ ی زمانەکەمانەوە. چونکە ئەلفابێ بۆ زمانی نوسین و ئەدەبیات دا ئەنرێت نەک بۆ شێوە و زمانی گفت و گۆ. لە زمانی ئەدەبی ی کوردی ی ڕۆژئاوایی (کرمانجی ژوڕو) دا وەک لە یەکێتی ی سۆڤێت و تورکیا و سوریا بەکار دێت نانوسن طاری / ṭārī (تاریک)، طارۆک/ ẓārōk (منداڵ)... لێ دنڤیسن :تاری/ tari، زارۆک/ zarok.

chalakmuhamad@gmail.com

خۆ ئەگەریەکێک بیەوێت لە شێوەکانی زمانی کوردی بکۆڵێتەوە ئەوە باسێکی ترە. پ/ p ، ت/ t ، ک/ k، لە کوردی ی ڕۆژئاوایی دا هەر یەکەیان دو جۆری هەیە، وەک لەم وشانەدا بەدی ئەکرێن:

پاشی/pāši (پاشوی ولاخ)، پاشی/ ṕāšī (پاشان).

تە/ ta(تۆ)، تەفشی/ t́afšī (تەشوێ).

کار/ kār (کاروبار)، کار/ ḱār (کاری بزن).

کورک/ kurk ( مریشکەبەکڕ)، کورک/ ḱurk (نەرمە خوری).

جۆرەکانی دووەم (ṕ، t́، ḱ) پێ یان ئەوترێت: aspirated( = پف هەڵدراو). بۆ هەست کردن بەم جیاوازی یە بەراورد بکە لە نێوان هەردو دەنگی

(پ) دا له وشەی (پان/ pān)و (پاک/ p̊āk )دا.

له شێوەی سلێمانی دا دەنگێکی تریش هەیە کە لای خۆمان ناسراوە بە د-ی کلۆر، وەک لەم وشانەدا بەرگوێ ئەکەوێت: بادەم/ bād̊am ، لباد/ libād̊ ، بەد/ bad̊ ... هتد ئەم دەنگەش نایەتە ناو ئەلفابێ ی زمانەکەمانەوە چونکە ناوچەیی یە و لە نوسین دا هەر د/ d ئەنوسرێت. ٦)

بۆ ئەوەی باسەکەمان ناتەواو نەبێت بە کورتی باسێکی ئەودەنگانەش ئەکەین کە لە هەندێک شێوەکانی زمانی کوردی دا هەن یان بە هۆی بەکارهێنانی وشەی عەرەبی یەوە کەوتونە ناو زمانەکەمانەوە:

ذ/ d̲، ظ/ z̦: خشۆک( fricative, spirant)، بەئاوا(voiced)، سەری زمان و دانەکانی ریزی پێشەوە (سەرو خوار) لە دوروست بونیان دا بەشدار ئەبن ( coronal-interdental). دووەمیان پف هەڵدراوە ( as-pirated)، لە کوردی دا ئەگۆڕێن بۆ ز/ z : ذرة/darra̲ ئەبێت بە زەررە/ zarra، ظريف/z̦arīf ئەبێت بە زەریف/ zarīf.

ث/ t̲:وەک(ذ)بەڵام بێ ئاوا(voiceless)لەکوردی دا ئەگۆڕێت بۆ س/ s.

ثروة / t̲arwe ئەبێت بە سەروەت/ sarwat ثناء/t̲ānaʾ, سەنا/sana .

ص/ ș: خشۆک، بێ ئاوا، پێشی زمان و لێواری پێشەوەی مەڵاشو لە دورست بونی دا بەشدار ئەبن ( predorsal- alveolar).

لە کوردی دا یان هەروەک خۆی ئەمێنێتەوە یان ئەگۆڕێت بۆ س/ s : لە صابون / șabūn دا وەک خۆی ئەمێنێتەوە. بەڵام صحراء/șahrāʾ ئەبێت بە سەحرا/ saḥrā و سارا/ sārā، صينية/ șīnīya ئەبێت بە سینی/ sīnī .

ط/ ț: بەربەست ( stop)، بێ ئاوا، پێشی زمان و لێواری پێشەوەی مەڵاشو لە دوروست بونی دا بەشدار ئەبن ( predorsal -alveolar)

chalakmuhamad@gmail.com

لەکوردیِ دا ئەگۆڕێت بۆ ت/t : طاقة/ ṭāqa، طائفة/ṭāifa ئەبن بە تاقەت/ tāqat، تاییـفە/ tāyifa. لە هەندێک وشەدا دەنگی (ط)نەختێک سوڕک ئەبێت بەڵام نابێت بە (ت):

طەلاق/ ṭalāq، طاووس/ ṭāwūs، طابور/ ṭābūr.

ض/ ḍ: بەربەست، بە ئاوا. پێشی زمان و لێواری پێشەوەی مەڵاشوو لە دوروست بونیِ دا بەشدار ئەبن (predorsal- alveolar ) یان سەری زمان و پشت ڕیزە دانەکانی پێشەوە (سەروو) لە دوروست بونیِ دا بەشدار ئەبن (coronal- dentialveolar ). بیروڕای زمانەوانانی عەرەب لەم بارەیەوە جیاوازە. هەندێکیان لەو باوەڕەدان کە ئەم دەنگە گۆڕاوەو ئێستا وەک پێشان ناوترێت. کاتی خۆی بەشێوەیەکی تایبەتیِ وتراوە کە بۆ غەیرە عەرەب وتنیِ زەحمەت بووە. لەبەر ئەوەش زمانەکەیان ناو ناوە (لغة الضاد). ٧)

ئەم دەنگەلە کوردیِ دا جاری وایە ئەبێت بە ز/ z جاری واهەیە ئەبێت بە د/ d. مەلاکانیش ئەیکەن بە ڵ/ ḷ:

chalakmuhamad@gmail.com

ضرر/ ḍarar ، غضب/ gaḍab ئەبن بە زەرەر/ zarar، غەزەب/ gazab.

ارضṛard/ ئەبێت بە ئەرز/ arz ، عەرد/ ʿard، ئەرڵ/ arḶ.

ئەم سێ دەنگەی دوایی (ص/ ṣ، ط/ ṭ، ض/ ḍ) وەک لە عـــەرەبیِ دا ئەوترێن هەر سێکیان لەو دەنگانەن کە ناومان نان پف هەڵدراو.

ع/ʿ : خشۆک، بە ئاوا. پشتەوەی زمان و سەرەتای بۆشاییِ نێوان لوت و دەم لە دوروست بونی دا بەشدار ئەبن (postdorsal, pharyngal) ئەم دەنگە لەکوردیِ دا بە زۆری وەک خۆی ئەمێنێتەوە. هەندێک جاریش ئەگۆڕێت بۆ ئ/ʾ . عـرق/ ʿaraq، عقل/ ʿaql، لە نوسینِ دا ئەبن بە ئارەق/ ʾāraq ئەقڵ/ aqḷ.

پێچەوانەی ئەمەش هەیە: أرض ئەبێت بە عەرد/ ʿard.

له ناوچەی پشدەرو دەشتی دزەیی (ح) ئەکەن بە (ع)و (ع) ئەکەن بە (ح): محەمەد ئەبێت بە معەمەدو عەلی ئەبێت بە حەلی. لەمەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە کە لە کوردی دا (ح) بە زۆری ئەبێت بە (ھ) وەک لە شوێنی خۆی دا باس کرا؛ کەچی جاهل/ ǰāhil ئەبێت بە جەحێل/ ǰaḥēl.

جارێکی تر ئەڵێمەوە کە شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردی ئەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم باسە. چونکە باسەکەی ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمانی نوسین و ئەدەبیاتی کوردی تەرخان کراوە نەک بۆ هی زمانی گفت و گۆ.

پوختەی باسەکەمان لەسەر کۆنسنانتەکان ئەمان گەیێنێتە ئەو ئەنجامە کە لە زمانی کوردی دا ئەم دەنگانەی خوارەوە بنچینەیین، بۆ هەریەکەیان پێویستە وێنەیەک (تیپێک) هەبێت، کە بە سەریەکەوە فۆنێمە کونسنانتەکانی زمانی کوردی پێک ئەهێنن:

chalakmuhamad@gmail.com

پ/ p: پار/ pār، کەپر/ kapr، لەپ/ lap.

ب/ b: بار/ bār، سەبەتە/ sabata، ئاشوب/ āšūb.

م/ m: مار/ mār، کەمەر/ kamar، زام/ zām.

ف/ f: فرۆ/ firō، نەفرین/ nafrīn، تاف/ tāf.

ڤ/ v: ڤیان/ viyān، تاڤگە/ tāvga، تاڤ/ tāv.

(ئەم دەنگەی دوایی /ڤ لە کوردی ی ڕۆژهەڵاتی دا کەم، لە کوردی ی ڕۆژئاوایی دا بە زۆری هەیە).

ت/ t: تاڵ/ tāḷ، بەستن/ bastin، دەست/ dast.

د/ d: داڵ/ dāḷ، بردن/ birdin، بەرد/ bard.

س/ s: سەنگ/ sang، برسی/ birsī، داس/ dās.

ز/ z: زەنگ/ zang، بزن / bi̊zi̊n، باز/ bāz.

ن/ n: ناو/ nāw، هەنار/ hanār، شان/ šān.

ر/ r: - - - -، برین/ bi̊rīn، کەر/ kar.

( ئەم دەنگەی دوایی/ ر لە کوردیِ دا ناکەوێتە سەرەتای وشەوە).

ڕ/ ṛ: ڕان/ ṛān، بڕین/ bi̊ṛīn، کەڕ/ kaṛ.

ل/ L: لار/ lār، ملە/ mi̊la، کەل/ kal.

ڵ/ Ḷ: ---، مڵە/ mi̊ḷa، کەڵ/ kaḷ.

( ئەم دەنگەی دوایی/ ڵ لە کوردیِ دا ناکەوێتە سەرەتای وشەوە. لە کوردیِ ی ڕۆژئاوایی ش دا لە هیچ شوێنێکی وشەدا بەدیِ ناکرێت).

ش/ š: شیر šīr، هەشت/ hašt، بەش/ baš.

ژ/ ž : ژیر žīr، بژار / bi̊žār، کاژ/ kāž .

ج/ ǰ : جاو/ ǰāw ، مەنجەڵ/ manǰaḷ، ڕەنج/ ṛanǰ.

چ/ č: چاو/ čāw، پەرچەم/ parčam، پاچ/ pāč.

ک/ k : کەل/ kal، سەکۆ/ sakō ، باک/ bāk.

گ/ g : گەل/ gal ، دەرگا/ dargā ،بەرگ/ barg .

خ/ ḫ: خۆر/ ḫōr، بەخت/ baḫt، شاخ/ šāḫ.

ق/ q: قەل/ qal، چەقەڵ/ čaqaḷ، بۆق/ bōq.

ه/ h : هاوین/ hāwīn، بەهار/ bahār، لە کوردیِ ی ڕۆژئاوایی دا لە کۆتایی وشەش دا بەدیِ ئەکرێت وەک لە شوێنی خۆی دا باس کرا.

ئ/ ʔ : لە کوردیِ دا تەنیا لە سەرەتای بڕگە و وشەدا، پێش ڤاولەکان، بەدیِ ئەکرێت وەک لە شوێنی خۆی دا باسکرا (بڕوانە ل ٧ ، ١٥).

ص/ ṣ، غ/ ğ، ح/ ḥ: بە بیروڕای من نابنە دەنگی بنچینەیی. لە زمانی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردیِ دا، یەکەم - لەبەرئەوەی لە کەم وشەی کوردیِ دا بەدیِ ئەکرێن. دووەم- گۆڕینیاَن بۆ: س ، خ، ه نابنە هۆی ماناگۆڕینی وشە.

ع/ʕ: لە کوردیِ دا تەنیا لەو وشانەدا بەدیِ ئەکرێت کە لە زمانێکی بێگانەوە وەرگیراون (عەودالَ/ ʕawdaḷ، لەعل/ laʕl) یان لە هەندێک ناوی دەنگیِ دا( عوعە/ ʕuʕa، باعە/ bāʕa). ئەم دەنگە هەندێک جار ئەگۆڕێت بۆ دەنگێکی گەروِیی نزیک لە خۆیەوە، وەک لە شوێنی خۆی دا باسی کرا (بڕوانە ل٢٤). سەرنج لەم وشانەش بدە: معنی - مانا، طعنة - تانە، تعریف- تاریف، معرفة - ماریفەت، عبدالله- ئەولا ، عمر- ئۆمەر- هۆمەر. بە کورتیِ ئەم دەنگە کە دێتە ناَو زمانی کوردیِ یەوە خۆی بە هیچ دەستوڕێکەوە نابەستێتەوە. مانەوەی وەک خۆی یان گۆڕانی بۆ دەنگێکی تر لە وشەیەکەوە تا وشەیەکی تر جیاواز ئەوەستێت. ئەمیِش نابێتە دەنگێکی بنچینەییِ لە کوردیِ دا.

chalakmuhamad@gmail.com

ت/ṯ لە نوسینِ دا ئەبێت بە س/ s ، ذ/ḏ، ظ/z ، بە ز/ ẓ، ط/ ṭ، بە ت/t ، ض/ ḍ، بە ز/z ، یان د/ d وەک لە شوێنی خۆی دا باس کرا ( بڕوانە ل ٢٢-٢٣ ). لەبەر ئەوە ئەمانیِش نابن بە دەنگی بنچینەییِ لە زمانی کوردیِ داو پێویستمان بەوە نیِ یە کە بۆ هەریەکەیان وێنەیەک (تیپێک) دابنێین، مەگەر بۆ نوسینەوەی وشەیەکی بێگانەی نەتواوە کە بمانەوێت دەنگەکانی وەک خۆی بدەینەوە. بۆ وێنە: نەتواوە- صاف، طەبع (طبع)، ظوهور (ظهور)، ضەلال (ضلال). تواوە ( loan word)- سفەت (صفة)، تام (طعم)، زەریف (ظریف)، زایە ( ضائع).

دەنگە منگەکەش (ن/ ṉ) لە نوسینِ دا ئەگۆڕێت بۆ (ند) یان بۆ (نگ) وەک لە شوێنی خۆی دا باس کرا (بڕوانە ل ١٧- ١٨).

کۆنسنانتە کوردیِ یەکان، شێوە و شوێنی دەربڕینیان و ئەو ئەندامانەی وتن کە لە دوروست بونیاَن دا بەشدار ئەبن جارێکی تر لەم جەدوەلەی خوارەودا ئەخەینەوە پێش چاو(ئەو دەنگانەی خراونە ناو دوکەوانەوە یان بێگانەن یان لە

زمانی کوردیِ دا بنچینەیی نین. وەک لە لاپەڕەکانی پێشودا ڕونمان کردەوە:

chalakmuhamad@gmail.com

شوێنی دەربڕین

| شێوەی دەربڕین | | | | لێو | دان | | لێواری مەلاشوو | سەختە مەلاشوو | نەرمە مەلاشوو | زمانە پچکۆلە | گەروو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەربەست | | | بێ ئاوا | p/پ | t/ت | | ţ/ط | č/چ | k/ک | q/ق | ʔ/ئ |
| بەربەست | | | بەناوا | b/ب | d/د | | (ḍ/ض) | ǰ/ج | g/گ | | |
| بەردەوام | خشۆک | | بێ ئاوا | | f/ف | ṯ/ث | s/س ṣ/ص | š/ش | | x̣/خ ḥ/ح | h/ه |
| بەردەوام | خشۆک | | بەناوا | | v/ڤ | | z/ز ḏ/ذ (ẓ/ظ) | ž/ژ | | (ġ/غ) c/ع | |
| بەردەوام | لووتی | | بەناوا | m/م | | | n/ن | | ŋ/ڹ | | |
| بەردەوام | ڕەوان | لەرزۆک | بەناوا | | | | r/ر ṛ/ڕ | | | | |
| بەردەوام | ڕەوان | لاتەنیشت | بەناوا | | | | L/ل Ḷ/ڵ | | | | |
| | | | | لێو | سەرزمان/ پێشی زمان | | | | پشتەوەی زمان | تاردەدەنگی یەکانی | |

ئەندامەکانی وتن کە لەدەربڕینی دەنگەکان دا دەوری کاریگەر ئەبینن.

جۆری سێ یەم: ئەو دەنگانەی ئەندامەکانی وتن لە کاتی دوروست بونیان دا لە یەکتر نزیک ئەبنەوە، بەلام ناچنە سەریەک. هەوا پێشی لێ ناگیرێت و لە دەمەوە دێتە دەرێ. ئەم دەنگانە کە لە نێوان ڤاول و کۆنسنانتەکان دا ئەوەستن بە پێ ی چونێتی ی دوروست بونیان (acoustically) ڤاولن، بەلام لە بە کارهێنان دا (functional) دەوری کۆنسنانت ئەبینن، لەبەر ئەوە پێ یان ئەوترێت: نیوەڤاول (semi- vowel) یان: نیوە کۆنسنانت (semi- consonant).

نیوە ڤاولەکان لە زمانی کوردی دا دو جۆریان هەیە:

١- لێوی: هەر دو لێو لە دوروست بونی دا بەشدار ئەبن (bilabial)، وەک دەنگی یەکەم و سێ یەم لەم وشانەدا: وازی/ wāzī، کاول/ kāwil، کەو/ kaw.

٢- مەلاشویی: ناوەڕاستی زمان و ناوەڕاستی مەلاشو لە دوروست بونی دا بەشدار ئەبن (mediodorsal -mediopalatal)، وەک دەنگی یەکەم و سێ یەم لەم وشانەدا:

chalakmuhamad@gmail.com

یاری/ yāri، شایی/ šāyī، نای/ nāy.

ناسینەوەی ئەم دو دەنگە بە تیپی لاتینی ئاسانە. چونکە بۆ هەریەکەیان تیپێکی تایبەتی دانراوە (y,w)، بەلام بە تیپی عەرەبی جیاکردنەوەی (و) و (ی) نیوە ڤاول لە (و) و (ی)ی ڤاول (i,u) پێویستی بە نەختێک لێ وردبونەوە هەیە. بۆ ئاسان کردنی ئەم جیاکردنەوەیە ئەتوانین بلێین: هەر (و) و (ی) یەک بکەونە سەرەتا یان کۆتایی برگەوە نیوەڤاولن. لە نیوەڕستەی: یاری بێ ناو/ yāri bēnaw دا هەردو نیوەڤاول بەدی ئەکرێن.

نیوە ڤاولەکان هێز هەلگری وشەنین (unstressed)، وە لەگەل

ڤـاولەکـان و دەنگەڕەوان و لوتیِ یەکـان لەوەدا یەک ئەگـرنەوە کـە هەمـوویان: بەردەوامن، بە ئاوان، بێ خشەن. لەبەر ئەوە بە سەریەکەوە ناو ئەبرێن بە: -so-nant بەرامـبـەر بە دەنگەکـانی تر (خـشـۆک و بەربەست)، کـە خـشـەو تەقینەوەیان لەگەڵ دایەو بە ئاواو بێ ئاوایان هەیە.

****

پێش ئەوەی کۆتایی بە باسەکەمـان بهێنین مەسـەلەیەکی تریش هەیە کە پێویستیِ بە نەختێک لێ دووان هەیە، ئەویش مەسەلەی چۆنێتی ی پێکهاتنی وشـەکـانی زمـانی کـوردیِ یە لە ڕوی فـۆنۆلۆژیِ یەوە یان ڕوِن تر چۆنێـتیِ ی ڕیزبوِنی ڤاول و کۆنسنانتەکان لە وشەکانی زمانی کوردیِ دا:

لە زمانە ئەورووپیِ یەکان دا ئەگەر دوِ ڤاول لە بڕگەیەک دا بکەونە تەنیشت یەکـەوە ناو ئەبرێن بە diphthong (= جـوِت دەنگ، یان ڕاست تر: جـوِت ڤاول). من لەو باوەڕەدام کە ئێـمـە ئەتوانین لە زمـانی کـوردیِ دا خـۆمـان لە کێشەی جوِت ڤاول ڕزگار بکەین. چونکە وەک لە باسی نیوِە ڤاولەکان دا وتمان ئەگـەر لە بڕگـەیەک دا دوِ ڤاول بکەونە تەنیـشت یەکـەوە یەکـێکیـان (ئەوەی هێزی ناکـەوێتە سەر) نیوِە ڤـاولە کە دەوری کۆنسنانت ئەبینێت. ئەگینا ئەبێت باسی سێ دەنـگیِ (triphthong) و چـواردەنـگـیِ (tetraph-thong) و فـرە دەنـگیِ (polyphthong)ش بکەین. بۆ وێنە سـەرنج لەم نیوِە ڕستانەی خوارەوە بدە:

chalakmuhamad@gmail.com

ماستی مەیییو/māst-i mayīw ، دۆینەی کولیو/dōyna- i kuļīw، لەو بەرزاییِ یەوە/ law barzāyīyawa. بزانە چەند ڤـاول و نیـوِە ڤـاول لە تەنیشت یەکەوە ڕیز بوِن؟

لە زمـانە ئەورووپیِ یەکـان دا زۆر وشـە هەن کە لە یەکـێک لە بڕگـەکـانیِ دا دوِ

ڤـاول وەیان زیاتر لە تەنیـشت یەکـەوە کـۆ ئەبنەوە و لە وتن دا پێکەوە ئەبەسترێن و لە یەکتر جیا نابنەوە، بۆ وێنە لە ئنگلیزی دا:

chalakmuhamad@gmail.com flower،oil ،air

لەئەڵەمانی‌دا: freuen ، bein ، haus.

بۆیە مەسەلەی triphthong ، diphthongو هتد دێتە پێشەوە.

لە تۆژ/ tōž،نۆژ/ nōž ، دوور/ dūr، قوول/ qūlی کوردی دا دەنگەکانی ناوەڕاست diphthong نین، بەڵکو دەنگێکی تایبەتین. نموونەی ئەم جۆرە دەنگانە لە زمـانی ئەڵەمـانی دا زۆرە، کـورت و درێژیشـیـان هەیە، پێ یان ئەوترێت: umlaut. بۆ وێنە دەنگی دووەم لەم وشانەدا:

کورت: gürtel, löffel

درێژ: müde, böse

لە qül،dür دا دەنگەکانی ناوەڕاست وەک (ü)ی درێژی ئەڵەمـانی وان. بەڵام لە nöž, töž دا بەتەواوی لەگەڵ (ö)ی ئەڵەمانی دا یەک ناگرنەوە. چونکە وەک لە شوێنی خۆی دا باسمان کرد ئەم دەنگە لە کوردی دا گۆڕاوەو لە وێ/wē نزیک بۆتەوە (بڕوانە ل ٨ ). ئەو وشـانەی ئەم دەنگانەیان تێـدایە، ئەگـەر بمانەوێ لە ڕوی فـۆنۆلۆژی یەوە بە شـێـوەیەکی ڕاست بیـان نوسین، بە بیروڕای من پێویستە بەم جۆرە بنوسرێن:

توێژ/ twēž، نوێژ/ nwēž، سوێر/ swēr ... هتد (ڤاولێکی زۆر کورت لە شێوەی بۆری عەرەبیدا (ضمّة) ، ئەمجا نیوەڤاولی و/ w، ئەمجا ڤاولێکی کراوەی درێژ ێ/ ē). بۆ جیاکردنەوەی ڤاولە زۆر کورتە کە (و/ u)لە ڤاولی و/ u ی کـورت بەراورد لە نێـوان وشـەی گوێرە/ gwēraو گووێر/guwēr دا بکە.

چونێتی ی ڕیز بوونی كونسنانتەكان لە وشەكانی زمانی كوردی دا، پێویستی بە لێكۆڵینەوەیەكی تایبەتی هەیە كە ئەكەوێتە دەرەوەی چوار چێوەی ئەم باسە.

chalakmuhamad@gmail.com

ئەوەی ڕوونە لە ناوەوەو لەكۆتایی وشەدا دوو كونسنانت ئەكەونە تەنیشت یەكەوە، بەڵام كامانە وە چۆن؟ ئەوە هێشتا پێویستی بە لێكۆڵینەوەیە. ئەوەی زیاتریش پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە ئەو ڕایەیە كە ئەڵێت: لە كوردی دا لە سەرەتای وشەدا دوو كۆنسنانت ناكەونە تەنیشت یەكەوە. من لەم بۆچوونە زۆر دڵنیا نیم. بۆ وێنە سەرنج لەم وشانە بدە و لەگەڵ ئەوانەی تەنیشتیان دا بەراوردیان بكە:

برا/ bra̅ لەگەڵ بریا/ bi̊rya̅.

فڕین/ fr̥i̅n """ فڕكە/ fi̊r̥ka.

فریو/ fri̅w """ فریا / firya̅.

گران / gra̅n""" گریان/ girya̅n.

كراس/kra̅s """ كردار/ ki̊rda̅r.

زرێ/ zre̅ """ زریان/ zi̊rya̅n.

من هەست بە جیاوازی یەكی ئاشكرا ئەكەم لە دەست پێ كردنی وشەكانی ڕیزی یەكەم لەگەڵ دووەم دا.

لەبەر ئەوەیە لەو باوەڕەدام كە ئەم باسە ( چۆنێتی ی پێكهاتنی وشەكانی زمانی كوردی لە ڕووی فۆنۆلۆژی یەوە یان چۆنێتی ی كۆبونەوەی فۆنیمەكان لە وشەكانی زمانی كوردی دا/ phonem combination) هێشتا پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە. باسەكەمان ئەمان گەیێنێتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

بۆ نوسینەوەی زمانەکەمان بەشێوەیەکی ڕاست پێویستمان بەم تیپانە هەیە، کە هەریەکەیان وێنەی دەنگێکن و نە بونیان لە ئەلفابێ ی زمانەکەمان دا ئەبێتە هۆی مانا گۆڕینی وشەکان. ئەم تیپانە بە سەر یەکەوە فۆنیمەکانی زمانی کوردیٖ پێک ئەهێنن، کە بە پێ ی شوێنی دەربڕینیان ( لە پێشەوە بۆ دواوە) بەم جۆرە ڕیز ئەکرێن:

یەکەم - ڤاوڵەکان: یٖ/ ī، ی/ i، ێ/ ē، ە/ a، - / i، ا/ ā، ۆ/ ō، و/ u، وٖ/ ū (بڕوانە پەراویزی ٨).

chalakmuhamad@gmail.com

دووەم - نیوە ڤاوڵەکان: و/ w، ی/ y.

سێ یەم - کۆنسنانتەکان: پ/ p. ب/ b، م/ m، ف/ f، ڤ/ v، ت/ t، د/ d، س/ s، ز/ z، ن/ n، ر/ r، ڕ/ ṛ، ل/ L، ڵ/ Ḷ، ش/ š، ژ/ ž، ج/ ǰ، چ/ č، ک/ k، گ/ g، خ/ ẖ، ق/ q، ئ/ ، ( بڕوانە ل ١٩و ٢٠ )، ه/ h.

غ/ g̣، ح/ ḥ، ع/ وەک لە پێشا ڕونمان کردەوە لە زمانی کوردیٖ دا بنچینەییٖ نین. چونکە لە کەم وشەی کوردیٖ دا بەدیٖ ئەکرێن گۆڕینیان بۆ خ/ ẖ، ه/ h، ئ/ نابێتە هۆی مانا گۆڕینیٖ وشەکان بەڵام لەبەر ئەوەی لە نوسینەوەی زمانەکەمان دا بەرەنگاریان ئەبنٖ ئەتوانینٖ لە سەر لێواری ئەلفابێ ی زمانەکەمان دایان بنێین بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیٖ دا بەکاریان بهێنینٖ.

ص/ ṣ ئەتوانینٖ بەتەواوی وازی لێ بهێنینٖ و لە نوسینا بیکەین بە س/ s بەم جۆرە ئەبینینٖ ژمارەی ئەو دەنگانەی لە زمانەکەمان دا فۆنیم پێک ئەهێنن و پێویستە لە ئەلفابێ ی کوردیٖ دا وێنەی (تیپ) یان بۆدابنرێت، بریتینٖ لە:

٩ ڤاوڵ ( بەتیپی عەرەبیٖ ٨ یان دەرئەکەون) ٨

٢ نیوەڤاوڵ (بە تیپی عەرەبیٖ وەک دو کورتە ڤاولی و/ و ی/ ئەنوسرێن.

٢٤ کۆنسنانت ( بەتیپی لاتینیٖ ٢٣یان دەرئەکەون، چونکە هەمزەی پێش

ڤاول وێنەی بۆ دانانرێت). جگە لەو سێ دەنگەی کە وتمان لە کەم وشەی کوردی دا بەدی ئەکرێن (غ، خ، ع) .

چۆنێتی ی پێکهاتنی وشەکانی زمانی کوردی لە ڕوی فۆنۆلۆژی یەوە، هێز لەوشەو ڕستەدا هەڵ ئەگرین بۆ وتارێکی تر.

chalakmuhamad@gmail.com

تێبینی:

١- لە نوسینی ئەم باسەدا بە تایبەتی سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

-Al.Graur. Einführung in die sprachwissenschaft. Akademie verlag, Berlin 1974.

Brockelmann,carl: Arabische Grammatik. 18 Aful...- Leipzig 1974.

-Ensen, otto von: Allgemeine und angewandte phonetik. 3. Aulf... Akademie Verlag, Berlin 1962.

زبان و زبانشناسی. ترجمهء دکتر محمد رضا باطنی. تهران / ١٣٥٠

-Hall, Robert A :١٩٧١،

- Mackenzie, D.N. : Kurdish dialect studies I. london 1961.

- Mann, oskar: Die Mundart der Mukri- kurden I. Berlin 1906.

-Mangold, max: Sprachwissenschaft. Darmstadt 1974.

-Martinet, André: Elements of general Linguistics. London 1964.

- McCarus, E.N. :A Kurdish Grammar. New York 1958.

-Muḥammad Bašar, Kamāl:

علم اللغة العام. القسم الثانی: الاصوات. الطبعه الرابعة. القاهرة ١٩٧٥.

chalakmuhamad@gmail.com

ئەو نوسراوانەی لە سێ - چوار ساڵی رابوردو دا لە سەر فۆنێتیک (نەک فۆنەتیک) و فۆنۆلۆژی ی زمانی کوردی بە کوردی بلاوکراونەوە، لەبەر هەڵەو ناتەواوی یان لە نوسینی ئەم باسەدا خراونە پشت گوێ. ئەگینا ئەبوایە لە هەر لاپەڕەیەکیان ڕەخنە بگیرایە. ئەمەش باسەکەی ئێمەی زۆر درێژ ئەکردەوە. ئەگەر بە پێویست زانرا لە وتارێکی تایبەتی دا باسێکی ئەو نوسراونەش ئەکەین و هەڵەو ناتەواوی یەکانیان ئەخەینە ڕو.

٢- لە نوسینی دەنگەکاندا بە تیپی لاتینی پەیڕەوی ئەو ئەلفابێ جیهانی یەکراوە کە لە زانستگاکانی جیهانی دا بۆ نوسینەوەی دەنگەکانی زمانە ڕۆژهەلاتی یەکان بەکار دێت. نەک ئەو ئەلفابێ لاتینی یەی کە کوردەکانی تورکیاو سوریا لە نوسینەوەی زمانی کوردی دا بە کاری ئەهێنن، کە لە بنەڕەت دا هەر ئەو ئەلفابێ لاتینی یەیە کە لە کۆتایی بیستەکانەوە بۆ نوسینەوەی زمانی تورکی لە تورکیا بە کار دێت بە دەستکاری یەکی کەمەوە. ئەو ئەلفابێ یە کەم و کوڕی ی زۆر تێدایەو دەنگەکانی زمانی کوردی بە تەواوی دەرناخات.

لە ئەلفابێ جیهانی یەکەدا بۆ ئەلفی کورت a و بۆ ئەلفی درێژ ā بکار دێت، نەک e ، a. هەروەها ō بۆ واوی کراوەی درێژ نەکo . چونکە e بۆ ئەو ڤاولە کورتە بە کاردێت کە لە وشەی گرفتن / gereftan ی فارسی دا پاش

(گ) و (ر) یەکە ئەکەوێتەوە بەر گوێ. ئەم دەنگە لە کوردی دا ئەگۆڕێت بۆ i̊
وەک لە وشەی گرتن/ gi̊rti̊n دا دەر ئەکەوێت.

o بۆ ئەو ڤاولە کورتە بەکاردێت کە لە وشەی گرد/ gord ی فارسی دا
پاش (گ)ە کە ئەکەوێتە بەر گوێ. ئەم دەنگە لە کوردی دا ئەگۆڕێت بۆ و/u
وەک لەوشەی کورد/ kurd دا دەرئەکەوێت، کە فارسێک بەم جۆرە ئەیڵێت:
کرد/ kord.

chalakmuhamad@gmail.com

هەندێک جار لە بابەتی واوی داخراوی درێژ (ū) کە من بە تیپی عەرەبی
بەم جۆرە ئەینوسم: و، دو واو بەکاردێت. ئەمە هیچ هەڵەیەکی تێدا نی یە،
بەڵام لە زانستی زماندا پەیڕەوی ئەو دەستورە ئەکرێت، کە بۆ هەر دەنگێک
یەک تیپ بەکار بێت. سەرەڕای ئەوەش لە نوسینی کوردی دا بە تیپی عەرەبی
هەمو کاتێک دو واو ū ناگرێتەوە. بۆ وێنە لە وشەی دوور( دور/ dūr) دا
هەردو واوەکە لە باتی یەک دەنگ بەکار هاتووە. بەڵام لە وشەی هاتووە/
hātuwa دا دو واوەکە یەک دەنگ نین. بەڵکو بریتین لە دو دەنگی جیاواز:
یەکەمیان کورتە ڤاولی u، دووەمیان نیوە ڤاولی w. لێرەداپێویستە دو واو
بنوسرێت، چونکە هەریەکەیان بۆ دەربڕینی دەنگێک بەکار هاتووە. هەروەها لەم
نمونانەی خوارەوە دا:

دووەم/duwam ، دوواندن/ duwāndin، لەم ڕووەوە/ lam ṛuwawa،
بەم زووانە/ bam zuwāna، هێشتا زووە/ hesta zuwa. ... هتد
وە لە ڕابوردوی دوری ڕاستەقینەی تێنەپەڕدا (perfect, indicative,
intransitive) بۆ کەسی سێ یەمی تاک( 3rd pers. sing) لەو
کارانەدا کە بە - دن/ din، تن/ ti̊n، - ون/ un کۆتایی یان دێت:
مردووە/ mi̊rduwa، نوستووە/ nustuwa، چووە/ čuwa وە لە هەمان

شێوە و کاری تێپەڕ ( transitive)ی لێکدراودا ( compound) بۆ هەمو کەسەکان: پەنای بردووە/ birduwa، کوڕیان بەستوە/ bastuwa، بەرگم درووە/ druwa.

chalakmuhamad@gmail.com

جگە لەمە من وای بەباش ئەزانم کە هیچ وشەیەک بە دو واو دەست پێ نەکەین. چونکە هەمو ئەو وشانەی بە واو دەست پێ ئەکەن واوەکە نیوەڤاولە دەنگەکەی پاش ئەو ڤاولێکی زۆر کورتە، کە جاری وا هەیە لە شێوەی واوێکی زۆر کورت، جاری واش هەیە لە شێوەی یایەکی زۆر کورت دێتە بەرگوێ.

لە باری یەکەمیان دا( بۆ نمونە وشەی/ وشە/) پێویستە بەم جۆرە بنوسرێت: وشە/ wuša. لە باری دووەم دا بەم جۆرە: وشە/wiša . جا بۆ ئەوەی لەم دو جۆرە نوسینە ڕزگارمان بێت و بۆ ئەوەی هەندێک جار ئەوەندە واو لە تەنیشت یەکەوە ڕیز نەکەین، باشتر وایە بە تیپی عەرەبی بنوسین: هاوولاتی، دو ورچ، برزو و وریا. نەک: هاووولاتی ، دوو وورچ، برزوو و ووریا ... هتد

لەوانەیە یەکێک بلێت تۆ ئەنوسیت: چون- چووە، ڕو- لەم ڕووەوە، دو دووەم ... هتد. باشتر نی یە هەر لە سەرەتاوە هەمویان بە دو واو بنوسین و خۆمان لە گۆڕینی واوەکان ڕزگار بکەین؟ ڕەخنەیەکی بەجێ یە، بەلام هەر لەو ڕەخنەیە سوک ترە کە لە بە کار هێنانی دو واو ئەگیرێت جارێک لەباتی یەک دەنگ و جارێک لەباتی دو دەنگ.

٣- و/ u- ی پەیوەندی و ی/ i- ی ئیزافە لە هەمو بارێک دا وەک و-ی کورت و(ی)ی کورت نوسراون بێ گوێ دانە ئەوەی ئەکەونە پاش ڤاول، نیوەڤاول یان کونسنانت: کەوا و سەڵتە kawā u saḷta/ شەو و ڕۆژ/ šaw u ṛōž، قەل و بەرد/ qal w u bard. سەرمای زستان sarmā i

zistan ،هـــــەتاوی هـــــاوین/ hataw i hawin ،
.gul i bahar /گوڵی بەهار

٤- ئەم وتارە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دا نوسراوە، بەڵام گەردەلوولی ڕۆزگار وای کرد کە تا ئەمڕۆ بڵاو نەبێتەوە. لەم ماوەیەدا بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە نوێ کان چەند جارێک بە سەریا چوومەوە، تا لەم قاڵبەی ئێستادا خۆی گرت. هیوادارم کە لە چەند وتارێکی داهاتوودا بتوانم ناتەواوی یەکانی پڕ بکەمەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

## پەراوێزەکان:

١) تیرم (ئنگلیزی: term، لاتینی: terminus) بە مانای مصطلح -ی عەرەبی بەکار هاتووە. لای خۆمان بۆ ئەم مەبەسە "زاراوە" بەکار ئەهێنن. نازانم بۆچ؟ چونکە "زاراوە" سوککراوەی (زار ئاوا)یە، کە بە تەواوی (شێوەی زمان) ئەگرێتەوە. وەک وشەی mundart-ی ئەڵەمانی کە بۆ (لهجة/ di-alect) بەکار دێت. جا لەبەر ئەوەی لەلای من ڕوون نەبوو بۆچی "زاراوە" لەباتی (مصطلح) بەکار دێت و بۆچی "زاراو" لەباتی (لهجە)، کە هەردووکیان سوککراوەی یەک وشەن، ناچار لێرەش دا هەر ناوە جیهانی یەکە(شێوە ئنگلیزی یەکەی term)م بەکار هێنا. لە باتی (لهجة)ش (شێوە)م بەکار هێنا. ئەگەرچی "زاراو " کە سوککراوەی "زارئاوا "یە زۆر وشەیەکی ڕاست و بەجێ یە بۆ (لهجة). بەڵام بۆ خۆ پاراستن لەو تێکەڵاوی یەی دوروست بووە لە نێوان "زاراو" بۆ (لهجة) و "زاراوە" بۆ (مصطلح) ناچار وازم لێ هێنا. هەندێک نوسەر لەباتی (لهجة) "زار" بەکار ئەهێنن. ئەمە بەلای منەوە ڕاست نی یە، چونکە (زار) و (زمان) هەر یەک شتن، کە بەرامبەر (لسان) و (لغة)ی عەرەبی ئەوەستن نەک (لهجة).

٢) بڕوانە Wahby, T & Edmonds, C. j. A kurdish English Dictionary. Oxford 1966.

٣) پیت لێرەدا بە مانای particle نەک letter بەکار هاتووە، کە من بۆ دووەمیان تیپ (لاتینی typus) بەکار ئەهێنم. لە عەرەبی دا بۆ هەردوکیان (حرف) بەکار ئەهێنن. بۆ وێنە ئەڵێن: الحروف الابجدیة، بۆ مەبەسی دووەم. وە ئەڵێن. حروف الجروالعطف، بۆ مەبەسی یەکەم. هەر ئەمەشە کە گەلێکی توشی ئەو هەڵەیە کردووە کە بۆ هەردو مەسەلەکە لە کوردی دا(پیت) بەکار بهێنن و جیاوازی لە نێوان (تیپ) بۆ (حرف= letter) و (پیت) بۆ حرف (= particle) دا نەکەن.

chalakmuhamad@gmail.com

٤) بڕوانە:

Blau,Joyce. Dictionaire kurde.
Bruxelles 1965.
Bedir Khan, Djaladet-Lescot, Roger. Grammaire kurde (Dialecte Kurmandji). Paris 1970.

٥) بڕوانە: محمد الانطاکی: الوجیزفی فقەاللغة. الطبعە الثانیە ص ٢٠٠ - ٢١٨. بیروت ١٩١٩.

٦) ئەم دەنگە د/ḋ (دالی کلۆر) پیویستی بە کورتەباسێک هەیە، هەڵی ئەگرین بۆ دەرفەتێکی تر. وە نەبێت ئەم دەنگە تەنیا لە شێوەی ناو شاری سلێمانی دا بکەوێتە بەرگوێ، بەڵکو لە هەمو ئەو ناوچانەدا ئەبیسترێت کە ئەکەونە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی یەوە تا ناوچەی هەورامان. لەوەش زیاتر لە شارەزوور و هەورامان لە وتن دا جیاوازی لە نێوان (بەد) و (بەگ) دا ناکەن و هەردوکیان وەک بەڎ/ baḋ ئەڵێن. هەروەک جیاوازی لە نێوان

(صەد)و (صەگ)یش دا ناکەن و هەردوکیان وەک صەڎ/sad ئەڵێن.

٧) بڕوانە دکتور کمال محمد بشر: علم اللغة العام- الاصوات، الطبعة الرابعة، ص ١٠٤- ١٠٨. القاهرە ١٩٧٥.

٨) ئەمە ئەگەر ی/ i و ێ/ ī بە دوو فۆنێمی جیاواز دابنرێن. چونکە لە کوردی دا کەم وشە بەکاردێن کە ئاڵوگۆڕ کردنی ئەم دوو دەنگە تیایان دا ببێتە هۆی مانا گۆڕین. بەڵام ئەوەی کە هیچ گومانی تێدا نی یە ئەوەیە کە ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردی دا هەن و جیاواز ئەوترێن (بڕوانە ل ١٢).

chalakmuhamad@gmail.com

سەرنجیش لەم بەراوردانەی خوارەوە بدە: بینا/ bina (ع. بناء/ bināʔ)- بینا/ bīnā (بینین)، گیرفان/ girfān - گیران/ gīrān، نیگار/ nigār- نیزە/ nīza. ئەبینین ێ/ ī لە وتن دا بەردەوام ترە لە ی/ i ، زمانیش لە کاتی دەربڕینی دەنگی یەکەم دا بەرزتر ئەوەستێت و زیاتر بەرەو پێشەوە ئەچێت. واتە دوو دەنگی جیاوازن. سەرەڕای ئەوەش لە کۆمەڵێک وشەی فارسی و عەرەبی دا کە هاتونە ناو زمانەکەمانەوە ی/ i ئەوترێت نەک -/i یان ێ/ ī وەک لەم وشانەدا بەدی ئەکرێن:

میهربان/ mihrabān (ف. مهربان/ mehrabān)، نیهاد/ nihād (ف. نهاد/ nehād)، فیغان/ fiġān (ف. فغان feġān). ئینسان/ in-sān (ع. انسان/ insān)، جیهاد/ ǰihād (ع. جهاد/ ǰihād)، شیعر/ šiʕr (ع. شعر/ šiʕr)... هتد. لەبەر ئەوە باشتر وایە کە لە نوسینیش دا بە هەر دوو تیپی عەرەبی و لاتینی لە یەکتریان جیا بکەینەوە.

کەمال فوئاد

## ڕونکردنەوەیەکی پێویست

ئەم وتارە بە نیازی ئەوە نوسراوە کە فۆنیمەکانی زمانی کوردی دیاری بکات، بە مانای ئەوەی بەرامبەر هەر دەنگێک لە زمانی نوسین و ئەدەبیاتی کوردی دا وێنەیەک (تیپێک) دابنێت. ئەوانەی بەلاتینی دانراون ئەو تیپانەن کە لە بەشی زۆری دەزگا زانستی یەکانی جیهان دا بۆ دیاری کردنی دەنگەکانی زمانە ڕۆژهەڵاتی یەکان بەکار دێن. لێرەش دا بۆ ئەوە بەکار هاتون کە دەنگەکان (بەتایبەتی ڤاولەکان) باشتر دەربخەن. وە لە بەر ئەوەی لای ئێمە لە نوسینەوەی کوردی دا ئەلفابێ ی عەرەبی بەکار دێت، بەرامبەر هەر یەکێک لە دەنگەکان تیپێکی عەرەبی ی گونجاو دانراوە، کە بە زۆری هەر ئەو تیپانەن کە لە ماوەی چل ساڵی رابوردودا بەرەبەرە بەو جۆرەی ئێستا وێنەیان ئەکێشرێت لە نوسینەوەی زمانی ئەدەبیمان دا جێگیر بون. لەگەڵ دو تیپی ( بەلای منەوە) پێویست دا:

chalakmuhamad@gmail.com

وٚ بۆ و- ی داخراوی درێژ/ū/،

یٚ بۆ ی - ی داخراوی درێژ/ī/ .

ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی لە شوێنی خۆی دا باس کران ( بڕوانە لاپەڕەی ٧ ، ١٢). هەر لەبەر ئەو هۆیانەش کە پێشانم داون بۆ بەکار نەهێنانی دو (و) لە جیاتی و- ی داخراوی درێژ، بەکارهێنانی دو (ی) ش بە باش نازانم لە جیاتی ی-ی داخراوی درێژ. چونکە دو (ی) کە لە بڕگەیەک دا ئەکەونە تەنیشت یەکەوە بۆ دەربڕینی دو دەنگ بەکار دێن (ی- ی نیوەڤاول/ y+ ی-ی داخراوی درێژ/ī/)، وەک لەم وشانەدا بەدی ئەکرێن:

بەرزایی/ bwrzāyī ، کۆتایی/ kōtāyī، تەنیایی/ tanyāyī ، برایی/ brāyī ،وهتد.

پیرە مێردیش(١٨٦٧- ١٩٥٠) لەم بەیتەی خوارەوەی دا پێویستی بونی ی/ī و جیاکردنەوەی لە ی/ i باشتر ئەسەلمێنێت پێمان:

* هەرکەس هەڵ ئەسێ ئەڵێ من حیزبم chalakmuhamad@gmail.com

کاکە لێم لادە نامەوێ حیز بم*

******

جگە لەو هۆیانەش کە باس کران بۆ سەلماندنی چاکەی بەکار هێنانی "یەک تیپ" بۆ "یەک دەنگ"، کاری زانست نی یە بۆدەربڕینی هەندێک دەنگ لە سەر ئەم پرینسیپە بڕۆین و لە هەندێکی کەدا لێ ی لا بدەین. بۆ (و)و (ی)ی کراوەی درێژ(ē و ō) و (ر) و (ل)ی قەڵەو (ṛ و ḷ) دەسکاری ی تیپە عەرەبی یەکان بکەین و بنوسین: (ۆ)، (ێ)، (ڕ)، (ڵ)؛ کەچی لەباتی (و) و (ی)ی داخراوی درێژ ( īوū ) دوتیپ بەکار بهێنین و بنوسین: (وو)، (یی). ئەبێت پرنسیپێکی یەکگرتومان هەبێت. یان دەسکاری ی تیپەکان بکەین بۆدەربڕینی ئەو دەنگانەی لە ئەلفابی ی عەرەبی دا وێنەیان نی یە، وەک چۆن دەسکاری ی (ب)، (ج)، (ز)، (ف)، (ک) کراوەو بون بە: (پ)، (چ)، (ژ)، (ڤ)، (گ). یان بۆدەربڕینیان دو تیپ بەکار بهێنین. نابێت بۆ ئەمیان وابکەین و بۆ ئەویان جۆرێکی تر. ئەگینا تیپەکان وەک قەڵەکانی کابرای شارەزوری یان لێ بەسەر دێت کە وتی: " هەندێکیان هەیانەو هەندێکیان نی یانە، هەندێکیان وەدوان یەکێکیان هەس".

من لەبەر ئەو هۆیانەی لە پێشەوە باسم کردن پەیڕەوی پرنسیپی "یەک تیپ" بۆ "یەک دەنگ" ئەکەم. جا ئەگەر هەبێت بۆ ڕزگار کردنی ئەلفابێ کەمان لە تیپی چوکڵەدارو "کەشیدەو مێزەر بە سەر"، ئەوەی بەلاوە باشتر بێت کە بۆ دەربڕینی هەندێک دەنگ دو تیپ بەکار بهێنین، زۆر کارێکی بەجێ یە کە لەو

بارەیەوە بیروڕای خۆیمان بۆ ڕوون بکاتەوەو چاکەی بۆ چوونەکەیمان پێ بسەلمێنێت. چونکە وە نەبێت ئەم هەموو چوکلە دانان و نیشان گرتنەوەیە کارێکی ئەوەندە خۆش و ئاسان بێت. لێرەدا حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم کە لە مەسەلەی دەربڕینی دەنگەکان دا چ جۆرە تیپێک بەکاردێت و چەندوچۆن، ڕاست و هەڵەی تێدا نی یە. پیاو ئەتوانێت بۆ دەربڕینی دەنگێک تیپێک وە یان زیاتر بەکار بهێنێت، بەم جۆرە بینوسێت یان بە جۆرێکی تر. نوسینەوەی دەنگەکان کارێکی تەکنیکی یە. ئاسانتر کامە بێت باشتر ئەوەیە. ئەمەش کاتێک بڕیاری لەسەر ئەدرێت کە دەنگەکان بەڕاستی دیاری بکرێن.

بۆ دیاری کردنی دەنگەکان بە شێوەیەکی ڕاست و نوسینەوەیان بە شێوەیەکی ئاسان تەنیا لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی ڕابەرو ڕێ پیشاندەرە.

***chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# KURDISH PHONEMES

**KEMAL FAVAD**

chalakmuhamad@gmail.com

**EDITED BY:HASSAN GHAZI**

**KITAB ARZAN**
**1995**



# KURDISH PHONEMES

KEMAL FUAD

KITAB ARZAN
1995